بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کێبووەوە

ئەمڕۆ چوارشەممە، بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی کاربەدەستی حکومەتی هەرێم، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کێبووەوە.

لە ڕاگەیندراوێکی فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی وەزیران هاتووە، لە کێبوونەوەکەدا ئاماژە بە هەماهەنگی وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا، کە سەرجەم زانیاریی پێویست خراوەتە بەر دەست لیژنە هاوبەشەکە، بەم جۆرەش ئەوەی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە جێبەجێ کراوە و ئیتر ئەرکی حکومەتی فیدراڵە، مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم لە ڕێگەی دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەتی هەرێم، وەک شایستەی دارایی خێیان دابین بکات و وابەستە نەکرێت بە ناکۆکیی و کێشە سیاسییەکان و پابەندییەکان و پێویستە بێیەک چاو سەیری سەرجەم مووچەخۆران بکرێت لە سەرتاسەری عێراقی فیدراڵ، بەو پێیەی هاووڵاتییانی عێراقی فیدراڵ بە هەرێمی کوردستانیشەوە، یەکسانن لەبەردەم یاساکان و نابێت جیاکاریی بکرێت لە پێدانی شایستەی مووچەخۆران لەژێر هیچ پاساو و بیانوویەکدا.

هاتووەش، کە سەرۆک وەزیران دووپاتی کردەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشتر هەموو داتا و زانیارییەکانی تایبەت بە مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و شەفاف و تەمارکراو لە سیستەمێکی ئەلیکترۆنیی پێشکەوتووی بایەمتریی، پێشکێشی لایەنە پێوەندیدارەکانی حکومەتی

فیدراڵ کردووە و بەردەوامیش لەم هەماهەنگییە لە چوارچێوەی سنوور و دەسەڵاتەکانی هاتوو لە دەستووردا و بە گوێرەی پێداویستییەکانی سیستەمی فیدراڵی لە بواری دارایی، حکومەتی هەرێم درێغی ناکات لە هاوکاری لەم بارەیەوە و بە ئەرکی لەپێشینەی دەستووریی و قانونیی خۆی دەزانێت، لەبەرانبەردا ئەرکی حکومەتی فیدراڵیە کە پابەندیی دەستووریی خۆی جێبەجێ بکات، بە تایبەتیش کە زانیاریی تەواو لەسەر ژمارەی مووچەخۆران و بڕی مووچەکانیان و ئەو یاسا و ڕێنماییانەی کە پێیوەندیدارن هەیە و لە هەمانکاتدا لە ناو خشتەکانی بودجەی فیدراڵیشدا بڕێ پارەی پێویست بە مووچەخۆرانی هەرێم تەرخانکراوە و بڕهانەی فرەشتن و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمیش نەماوە تا شایستەکانی هەرێم ڕابگرن. بەیە پێویستە مووچەخۆرانی هەرێم، وەک هەموو مووچەخۆرانی پارێزگاکانی عێراق، مانگانە بە هیچ کێشە و ئاستەنگێک، مووچەکانیان لە ڕێگەی دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەتی هەرێم وەربگرن.

لە هەمان کاتدا هەرێمی کوردستان ڕێکەوتنی وەزارەتی نەوتی فیدراڵ و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و کەمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی لەبارەی خەرجییەکان بە گرنگ زانی تاوەکوو دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی هەرێم لە ڕێگای بەندەری جەیهان سەرکەوتوو بێت. کە لە 3/25ی ئەمساڵەوە نەوت ڕاگیراوە و زیانی دارایی گەورەی بە داهاتی گشتیی عێراق و هەرێم گەیاندووە.